سەرکێشییەکانی کریتەر

من و دایکم

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

مێرسەر مایەر

LALEZAR CULTURAL CENTER PRESS

من و دایکم



زنجیرەی سەرکێشییەکانی کریتەر
ناوی کتێب: من و دایکم
نووسین و وێنەکێش: مێرسەر مایەر
وەرگێڕانی لە فارسییەوە: سەعید خالید
پێداچوونەوە: ئامانج ئیسماعیل
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم، ٢٠٢٤
تیراژ: ٥٠٠

لە بەڕێوبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان
ژمارەی سپاردنی (٦١١)ی ساڵی (٢٠٢٢)ی پێدراوە

هەموو مافێکی لەبەرگرتنەوە و بڵاوکردنەوەی بەشێوەی چاپکراو یاخود
ئۆنڵاین پارێزراوە و هیچ کەس و لایەنێک بەبێ ڕەزامەندیی ناوەندی
ڕووناکبیریی لالەزار مافی بڵاوکردنەوەی هیچ بەشێکی ئەم کتێبەی نییە.
بەپێچەوانەوە ڕێکاری یاسایی دەگیرێتە بەر.

© Lalezar Cultural Center 2018
0771 770 1717
www.lalezar.krd

ڕۆیشتین بۆ شار.

من و دایکم، هەردووکمان بەیەکەوە.

دایکم پارەی پێدام تا بلیتی شەمەندەفەری پێبکڕم.



شوێنی بلیت فرۆشتن

دەمویست دەستی دایکم بگرم تا سواری شەمەندەفەرەکە ببێت، بەڵام لەبەرئەوەی پلەکانی شەمەندەفەرەکە زۆربەرز بوون دایکم دەستی گرتم و سواری کردم.

فەرمانبەری شەمەندەفەرەکە هات و داوای بلیتەکانی کرد، بلیتەکان ونبووبوون. لەبەرئەوە دایکم ناچاربوو دووبارە پارەی بلیتەکان بداتەوە.

شەقامەکانی شار قەرەباڵغ بوون.

دەستی دایکم گرت تا نەترسێت.

مۆزەخانە
گۆشتی بەتام
وەرنەوە

ڕۆیشتینە مۆزەخانە.

هۆڵەکانی ئەوێ پڕبوون لە ئێسکی

دایناسۆرە گەورەکان.

من هێلکەیەکی دایناسۆرم هەڵگرت تا نیشانی دایکمی بدەم.
بەڵام کەسێک ڕایکرد و لەدەستی فڕاندم. من خۆ ئاگاداری
بووم و نەمدەویست بیشکێنم.

ئـەو پۆشـاکەم کردەبـەرم کـە بـۆ نمایشـکردن دایاننابـوو، تـا دایکـم ببینێـت. بـەڵام ڕێنیشـاندەری مۆزەخانـە ئـەم کارەی منـی پێخـۆش نەبـوو.

پاشان چووینه بەشی گیانەوەرە ئاوییەکان.

یەک دنیا ماسی لەناو حەوزێکی گەورەی پرلەئاودا بوون.

چەند گیانەوەرێکی شەویلگەدار نمایشیان ئەنجامەدا.
دایکم تووڕەبوو چونکە منی ونکردبوو.
من ڕۆشتبوومە پێشەوە تا گیانەوەرەکان ببینم.

چووینـه مۆزەخانـەی هونەرییـەوە، بـەڵام چەنـد تابلۆیەکـی
سەیروسـەمەرە لـەوێ بـوون و هـەرزوو تاقەتـم نەمـا.

بـۆ نانـی نیـوەڕۆ چوویـن بـۆ چێشـتخانەیەکی شـاز
بـەڵام لـەوێ نانمـان نەخـوارد.

بڕیارماندا کە لەفەی گۆشت بخۆین و زۆریش خۆشبوو.

دایکم دەیویست بڕواتە ئەو فرۆشگایەی کە پڕبوو لە پۆشاک و ئەوجۆرە شتانە. ئای!

دایکم منیشی ناچارکرد کە ئەندازەی پۆشاکێک بگرم.

دەیویست پانتۆڵێکی نوێم بۆ بکڕێت. پانتۆڵەکەم کردەبەرم و پیاوێک بە دەرزی

هەموو شوێنێکی پۆشاکەکەمی دادوری.

ڕۆیشتین بۆ بەشی یارییەکان.
ئەو بووکەڵە خوریانەم دۆزییەوە کە زۆر دەمێک بوو
حەزمەکرد بیکڕم، بەڵام دایکم وتی: "دەبێت بڕۆین."

سواری تاکسییەک بووین تا بچین بۆ وێستگەی شەمەندەفەر.
خۆم هەڵدایە سەر کورسیی پێشەوەی تەکسییەکە و دانیشتم.
شۆفێری تاکسییەکە زۆر بەتوندی شۆفێریی دەکرد.
بەڕاستی زۆر بەلەزەت بوو.
بارهەڵگر
تەکسی

دایکم وتی: "ئاگادارببە بلیتەکان ون نەبن، چونکە ئەوەندە پارەمان پێ نییە کە دووبارە بلیت بکڕینەوە."

وتم: "دەی کەواتە خۆت بلیت بکڕە!"

من زۆرم پێخۆشە هاوکارپی دایکم بکەم، بەڵام نازانم بۆچی کارەکە خراپ دەکەم. من و دایکم چووین بۆ شار و من بلیتی شەمەندەفەرم کڕی بەڵام ونم کرد. دواتر ڕۆیشتین بۆ مۆزەخانە و، کورە ئەمە تازە سەرەتای چیرۆکەکە بوو...

LALEZAR CULTURAL CENTER PRESS

9 649760 006627